دژە مەسیح



فردریک نیچە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

یاسین ڕەسوڵ ئیسماعیل

FÊRBÛN

33039

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

فێربوون و چاپ و بڵاوکردنەوە

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون - ژمارە ٢٠١

ناونیشان: هەولێر/ بازاڕی کتێبفرۆشان - بەرامبەر دەرگای قەڵا

٠٧٥٠٤٠٤٨٢٨٥ - ٠٦٦٢٢٢١٢١٥

- ناوی کتێب: دژە مەسیح، وتاری نەفرەتکردن لە مەسیح
- ناوی نووسەر: فردریك نیچە
- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
- ناوی وەرگێڕی عەرەبی: جۆرج میخائیل دیب
- بابەت: لێکۆڵینەوەی فەلسەفی
- تایپ و هەڵەچن: وەرگێڕ
- دیزاین و بەرگ: ئاکار جەلیل
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٦٦٠) ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

خۆشحاڵم کە ئێمڕۆ شاکارێکی تری نیچە پێشکەش بەخوێنەری کورد دەکەم، شاکارێکی تری نیچە دوای هەردوو کتێبی (ئەوەیە مرۆڤ) و (ئاوابوونی بتەکان). بێگومان وەرگێڕانی هەر کتێبێکی نیچە، واتا ماندووبوونێکی زۆر زۆرو، خەم و گەڕانێکی زۆرتریش بەدوای باکگراوندی ئەم کتێبەی کە بۆ وەرگێڕان هەڵبژێردراوە، بەتایبەتیش ئێمە لەکاتی وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا، دووچاری کۆمەڵێك کێشەی زۆر هاتین کە پێم وایە وەکو ئەرکێك لەسەرشانم، پێویستە خوێنەریش بەشێکیان بزانێت.

هەر لەسەرەتاوە ناونیشانی ئەم کتێبە یەکێکبوو لەکێشە گەورەکان، نەوکەو هەر بەتەنیا بۆ من وەکو وەرگێڕێکی کورد، بەڵکو بۆ هەموو وەرگێڕەکان و لەهەموو زمانەکاندا، بێگومان جگە لەزمانی فەڕەنسی نەبێت کە بەشێکی ئەم کێشەیە دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەمان. بەردەوام وەرگێڕەکان لەنێوان دوو ناونیشاندابوون، یا ئەوەتا بنووسن (دوژمنی مەسیح)، یا بنووسن

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

(دژە مەسیح)، من خۆم ئەوەی دووەمم هەڵبژاردووەو پێم وایە ڕاستترو گونجاوترە لەبەر چەند هۆکارێک.

نیچە بەئەنقەست پێشگری (Anti) بەکارهێناوە، کە پێشگرێکی یۆنانی کۆنە، بەوەش کێشەی زۆری دروستکردووە کە چۆن وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی تر. دیارە ئەگەر لەزمانی تەکنۆلۆجیای ڕۆژگاری ئێمڕۆمانەوە تەماشای ئەم پێشگرە بکەین کە زۆر بەکاردێت وەکو ئەنتی ڤیرۆس (Antivirus) کە بەهەمان مانای (دژە ڤیرۆس) بەکاردێت. فەڕەنسییەکان ئەم (Anti) یەیان گۆڕیوە بۆ (Ante) بەوەش ناونیشانی کتێبەکە بۆتە (Antechrist)، دیارە بەوەش ماناکەی تەواو دەگۆڕێت، چونکە ئەم (ئەنتێ) فەڕەنسییە بەمانای ئەم شتە دێت کە پێش دەکەوێت، یا پێش شتە ڕاستەقینەکە دێت، بۆیە بەشێک لەم وەرگێڕە عەرەبانەی کە ئەم کتێبەیان لەزمانی فەڕەنسی وەرگێڕاوە، ناوەکەیان کردبووە (مەسیحی دەجال)، ئەوەش هەمان مانای دەقاودەقی فەڕەنسییەکەیە.

من بۆچی (دژە مەسیح) م پێ جوانتر بوو لە (دوژمنی مەسیح) کە وەرگێڕی ئەسڵی کتێبەکە بەکاری هێناوە؟ لەبەرئەوەی پێم وایە لەڕووی زمانەوانییەوە، چەمکی دژ جوانترە لەدوژمن. دژ بەمانای هەڵوێست وەرگرتن، نەفیکردنەوە، ناڕەزایی پیشاندان.ئینجا لەهەمووشی گرنگتر، شێوازی بەکارهێنانی نیچەیە

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بۆ ئەم زاراوەیە کاتێك لەچەندین شوێنی نێو ئەم کتێبەدا ڕەخنە لەپۆلس دەگرێت وا نمایشی دەکات وەکو ئەوەی دژە ئینجیل بێت، دژە مەسیح بێت. دوژمن مانایەکی تەواو جیاوازی هەیە کە پێوەندی بەدوژمنداری و کوشتن و جەنگەوە هەیە، ئەوەی نیچە دەیکات دژایەتیکردنی مەسیح و مەسیحییەتە، نەوەکو دوژمنداریکردنی. دەشێت مرۆڤی دژی شتێك و کەسێك بێت، بەڵام مەرج نییە هەموو دژێك دوژمنداری بێت و دوژمنداری لێبکەوێتەوە، بەڵام بیگومان هەموو دوژمندارییەك دژایەتی لێ دەکەوێتەوە.

هۆکارێکی تریش بریتییە لەوەی من خۆم، زۆر متمانەم بەوەرگێڕانەکانی (علی مصباح) هەیە لەئەڵمانییەوە، زۆریش بەعەرەبییەکی خۆش و جوان دەنووسێت، تاڕادەیەکیش شارەزای زمانەکەی بووم لەمیانەی وەرگێڕانی کتێبەکانی تری نیچەوە، ئەمیش ئەم ناونیشانەی هەڵبژاردووە کە منیش لەلام پەسندبوو، بۆیە کاتێك کتێبەکەم بۆ جاری یەکەم وەرگێڕاو تەواوم کرد، هاتم بەوەرگێڕانەکەی ئەمم بەراورد کردەوەو، بۆم دەرکەوت وەرگێڕی یەکەم کەموکوڕی زۆر زۆری هەبوو، جگە لەوەش ڕاستگۆ نەبوو لەگەڵ وەرگێڕانەکەو لەچەند شوێنێکدا چەمکەکانی گۆڕیوە، کە پێم وایە هەندێکیان بەئەنقەست بووە.

ئەم کتێبەی کە نیچە لەساڵی (١٨٨٨) دا نووسیویەتی، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بەکتێبی (ئاوابوونی بتەکان)،

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library